پارشێو بکەن؛ چونکە پارشێوکردن بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پارشێو بکەن؛ چونکە پارشێوکردن بەرەکەت وپیرۆزی تێدایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانی مسوڵمانانی داوە بۆ پارشێو کردن، ئەمیش بریتیە لە خواردن لە کۆتایی شەو وەکو ئامادەکارییەك بۆ ڕۆژووگرتن، پارشێو کردن بەرەکەت وخێر وپاداشتی زۆری تێدایە، هەروەها یارمەتیدەرە: بۆ نـزا کـردن لـە کۆتـایی شـەودا، وبـۆ بەهێـزی وچـالاکبوون لەکـاتی بەڕۆژووبوونـدا، ودەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ناڕەحەتیەکانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4498